# پەکەکە و تیرەی بە گەلبوونی لە کوردستان.!



**ئا.هەڵمەت**

**سەرهەڵدانی باکووری کوردستان لە نەورۆزی ئەم ساڵ، ڕاستی تێکۆشانیی ئەم چەند ساڵەی گۆڕانکاریەکانی ناو بزاڤی ئازادی کوردستانە، کە ڕووی ڕاستی هەموو چەواشەکارانی و خیانەتکارانی ئاشکرا کرد، کە دەگووتن پەکەکە و سەرۆکایەتیەکەی توانایی هیچایان نەماوە یان تەسلیم بوون و پەشیمان بوون، بەڵام ئەم ڕاستیانە لە لایەن گەلەکەمان لە باکوور ئاشکرا بوو، کێن و چین و چییان دەوێت.! بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا بە هەموو جیهانیان ڕاگەیاند. سەرەتا دەوڵەتی سەردەست و ئەورپا و ئەمریکا و وڵاتانی تری هەرێمەکە و ئەوانەی کە لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەی کورد و کوردستانن و زانیاری و ئاگاداریان هەیە ، تێگەشتن کە ئەمرۆ گۆڕەپانی کورد بە یەك دەنگ و ڕەنگ خاوەنداری لە کێدەکەن.؟ دۆست و دوژمن تێگەشت کە چارەسەری لە ڕوانگەی بیرۆکەکانی توانەوە و ئینکار و چاوپۆشین هیچ ئەنجامێکی نابێت لە قوڵبوونەوەی کێشەکان شتێکی تر لە گەڵ خۆی ناهێنێت.! بەردەوام بوونی ڕەوشێکی وا لە لایەن گەلی کوردەوە ناهێتە قبووڵکردن، وە بچووك کردنەوەی بۆ هەندێك کێشەی ڕێگەوبان و ژیانی ڕۆژانە چەواشەکردنی ناسنەمە و خواستەکانی گەل مایە پووچدەبێت. تەنها ئەوەی کە ناسنامەی ئەم گەلە وەك خۆی قبووڵ بکرێت چارەسەری کێشەکان دێت.**

**ئەوەی شوێنی ئاماژە کردنە و مرۆڤ هەڵسەنگاندنی لە سەر بکات، ڕوانگەی تێگەشتن و دەرئەنجامی گۆڕانکاریەکانی ناو خۆی پەکەکە و گرێدراو بە ڕفاندنی سەرۆك ئاپۆ بە کۆمپلۆیەکی نێونەتەوەی کە هەموو زلهێزەکان ڕاستەوخۆ نا ڕاستەوخۆ بەشدار بوون کە لە ساڵی 1999 ئەنجامدرا. لێرەوەش سەرەتایەکی نوێ لە تێکۆشانی ئازادیی پێکهات، ئەویش ستراتیجیەتی خۆی گۆڕیی و ڕەنگ و شێوازی ڕێکخستن بە پێی بنەمایەکی مۆدێرن دارِشتەوە، بە لە بەرچاو گرتنی سەر لە نوێ ئاواکردنەوەی ڕێکخستن لە ئاستی ناوخۆی و دەرەوەدا کە بتوانێت لە گۆڕانکاریەکانی سەردەم دانەبڕێت و پێوویستریش پێشەنگایەتی کردن لە چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە و کۆتایی هێنان بە ڕەوشی تووند و تیژی، ببێتە ئەلتەرناتڤ بۆ چارەسەر کردن و سەر لە نوێ ئاواکردنەوەی ژیانی گەلانی ناوچەکە بە گشتی و کوردیش وەك فاکتەری سەرەکی ڕۆڵی خۆی بگێرِێت ئەویش بە پێی پەرادیگما و پەرپێکتیفی گونجا و کە لە گەڵ ڕاستینەی خۆی و مێژووی یەکانگیر ببێت. هەر ئەمەش بوو کە بۆ ماوەی ساڵانێك لە لایەن سەرۆکایەتی و پەکەکە ئاگربەستی یەك لایەنە ڕاگەیەندراو ماڤی پاراستنی ڕاوا بە ئەساس گیرا، بەڵام لایەنی داگیرکەر و هێزە بەرژەوەندی خوازەکان، دوور لە هەموو پرانسیپێکی ئەخلاقی سیاسی و مرۆڤایەتی پەکەکەیان بۆ ناو لیستی تیرۆر بردوو، وەك ڕێکخراوەیەکی تیرۆرست بە ناویان کرد، ئەمەش دوای ئاگربەستی یەك لایەنە ئەنجامدرا.! هەمان کاتیش دەوڵەتی تورك بێ پسانەوە بەردەوام بوو لە ئۆپراسیۆنە سەربازیەکانی خۆی بۆ سەر گەریلا و گەل. لە کاتێك هێزی ئازادیی کوردستان گۆڕانکاریەکانی خۆی**

ڕاگەیاند لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە و هەرێمیش وا نیشان درا، کە کۆتایی بە شۆڕش هاتووە و چیتر پەکەکە ناتوانێت پەرە بە شەڕی چەکداری بدات و لە ناوخۆش هێزە ئێکسپایەر و پەسیفەکان کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەوتبوونە هەوڵدان، لە دوژمن کەمتر دژ بە پەکەکە پروپاگەندەی نابەجێیان نەکرد. بەڵام هەموو ئەمانە مایە پووچ بوون ڕاستیەکانی تەڤگەری ئازادی لە جاران سەرکەوتووتر و زاناتر لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی جەماوەریش زیاتر گەورەتر بوو.! گۆڕانکاریەکان هەرچەند لە ڕووکەش شێوازێکی زۆر زەق دیار نەبوو، تایبەت بۆ کەسانێکی کە نەیاندەویست ڕاستیەکان تێبگەن یان تێنەدەگەیشتن بە پێی میدیا و پلانەکانی دوژمن هەڵویستەو دەکرد و هەمان قسەی دوژمنیان دووبارە دەکردەوە. بەڵام پیلان و پرۆژەیی ئاواکردنی سیستەمی کۆمەڵگایی مەدەنی و بە دەزگا بوون ئارمانجی سەرەکی گۆڕانکاری ناو پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، تاکو بتوانێت گۆڕانکاریەکی ڕیشەی لە قۆناخی شۆڕش بکات، کە پێشتر گرێدراو بە پارتیەك یان کۆمەڵێك بوو، کە ڕابەرایەتیان دەکرد، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان توانی بیکاتە موڵکی گەل و هەرکەس بتوانێت لە چوارچێوەی هەبوونی مافە نەتەوەی و سیاسی و کلتووریەکانی خۆی ڕۆڵ بگێرێت،  شۆڕش ببێتە شۆڕشی گەلەریی کە وا بەستەیە بە تەواوی گەل، ئەمەش بە دیموکراتیزە کردنی هەموو ناوەندەکانی ڕێکخستن و شکاندنی دەسەڵاتی خۆ بە مەرکەز بینین، کە هەر کەسێك ئەبێت بە پێی پێوانەی کۆمەڵێك یان دەزگایەکی دیاری کراو خۆیان ڕێك بخەن، بەڵام گۆڕانکاری ستراتیجیەتی گشتی پەکەکە تێکشکاندنی ئەو زیهنیەت بوو کە بە زیهنیەتی مەرکەزیەت و دەوڵەتگەرایی پابەندە، لە هەمان دەمیش کۆمەڵگا وەك بنچینەی سەرەکی بۆ بنیات نانی سیستەمی نوێ، بە زیهنی و فکری دیموکراتی پەروەردە کرد، توانی لە بواری تێوری تێوریزە بکا و لە ژیانی ڕۆژانە پراکتیزە بکرێت، بێگومان ڕەنگدانەوەی سەرهەڵدانی باکوور و پێگەشتنی دەزگاکانی مەدەنی بەرهەمی گۆڕانکاریەکانن. کە بە شێوازێکی سیستەماتیك هەر ڕۆژ بڕیاری کارو چەلاکی خۆیان دەدەن، بە سەدان دەزگای مەدەنی و کۆنگرە و کۆنفراس پێك هێنران، تاکو بە شێوازێکی زانستی بڕیاری خۆیان بدەن،  ئەمەش وەڵامێك بوو، بۆ دۆست و دوژمن و  زۆرکەسیشی تووشی سەرسوڕمان کرد، ڕۆحیەتێکی مەزنتری بنیاتنا و زۆر کەس و لایەنیش وەك کیسەڵ چوونەوە قاوغەکەی خۆیان, تایبەت ئەوانەی کە زۆر بێ وویژدانانە هێرشی توندیان دەکردە سەر پەکەکە و سەرۆکایەتیەکەی و وا تێگەشت بوون، دەرئەنجامی وەستانی شەڕ و گەڕان بە دوایی چارەسەر دیموکراتی و ئاشتیانە گرێدراوە، بە هەستی تەسلیمیەت و پەشیمان بوونەوە، لە تێکۆشان و خەباتی پڕ شکۆدار، هەرچەند هەموو گۆڕانکاریەك زوو زوو هەرکەس لێی تێناگات، بەڵام گرنگ لێگەڕین و خوێندنەوەیە کە بتواین ڕاستیەکان تێبگەین و سەرنج و ڕەخنەی خۆمان بکەینە سۆنگایەکی بەهێز بۆ دەوڵەمەند کردنی ئیشە باشەکان و کەمکردنەوەی هەڵەکان. هەرچەند تێکۆشان و شۆڕشی باکوور لە هەموو بوارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چاندی و کلتووری توانیویەتی زۆر شت بخولقێنێت، بەڵام گۆڕانکاریەکان ئەم چەند ساڵەی دوایی ئەوەیە کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە چوارچێوەی تەسکی پارتی بوون بەرەو سیستەمێکی سیاسی و فکریی هەنگاوی خۆی هاویشت، کە هەرکەس لە خۆی دەگرێت و بووە سیستەمێکی دەزگا، ئەمەش لە مێژووی تێکۆشانی گەلەکەمان بۆ یەکەمجار دەتوانێت ڕەنگی خۆی بنووێنێت و هەموو چین و توێژێك لە خۆی بگرێت، شۆڕشێکی زانستی سیستەماتیك و بە پێی هەلومەرجی ئێستا و داهاتوو خۆی بنیات بنێت، کۆمەڵگا بکاتە خاوەن ئیرادە و بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی.! کە هیچ هێز و دەوڵەتێك نەتوانێت ئینکاری بکات، هەستیارانە لە گەڵ کێشەکان و خاڵە چارەنووس سازازەکانی خۆی هەڵسوکەت بکات، بەرهەمی تێکۆشانی ئیمراڵی و ڕێبەر

ئاپۆیە کە دەڵێت(( ئەبێت هێزێکی شۆڕشگێڕ یان پارتیەك لاواز بێت یان لە ناوبچێت.! بەڵام گەر توانی خۆی لە گەڵ ئیرادەی گەل بکات بە یەك و گەل بگەێنێتە ئاستێك خاوەنداری لە خۆی بکات هیچ کەس ناتوانێت ئەو گەلە کۆتایی پێبێنێت، یان لە خاڵە چارەنووس سازو مافە نەتەوەی و سیاسی و کلتووریەکانیان دابڕێت)) سەرهەڵدانی گەلی باکوور گەشتنی هزر و زیهنیەتی ڕێبەر ئاپۆیە بۆ سیستەمێك کە گەل خاوەنداری لە هەبوون و شەهید و ڕێبەری خۆی دەکات و داکۆکی لە هەموو مافەکانی دەکات. ڕەنگدانەوەی تێکۆشانی گەلە و وەڵامی داخوازیەکانی ڕێبەر ئاپۆیە، کە بە پێی بنەماکانی سیستەمی کۆما کۆمەڵانی کوردستان خۆی ڕێکخستووە، کە هەر کەسێك وەك تاك و کۆمەڵگا لە خۆی دەگرێت.